# تیرۆریزمی یەکگرتوو بە "بەرژەوەندی گشتی" پەردەپۆش ناکرێت

## رێبوار ئەحمەد

بە دوای بەرنامەیەکی تەلەفزیونیدا کە تیایدا بەرپرسی دەزگای راگەیاندنی پارتی، پەنجەی بۆ ئەوە راکیشاوە کە راگەیاندنی یەکگرتوو هانی تیرۆر دەدات، ئەم باسە لە ئاستی کۆمەلگای کوردستاندا ورژاوەو بوەتە جیگای مشتومر. یەکگرتوی ئیسلامی لە پیشدا بەوپەری رووقایمیەوە، ویستی پەنا بۆ دادگا بەریت. بەلام کە بینی مەسەلەکە جدیەو تەنها قسەیەك نیە لە زار دەرچوبیّو ئەگەر لەسەری بروات، ئەم تۆمەتەی بەسەردا ساغدەبیتەوە، داواکەی خۆی لە دادگا کیشایەوەو ئەمەشی ناونا (بەرژەوەندی گشتی). بەبی ئەوەی روونی بکەنەوە کە بۆچی راکیشانی پیّی دادگا بۆ ناو لیکۆلینەوە لە مەسەلەی تیرۆریزمو پەیوەندی لایەنەکان بە تیرۆریزمەوە، وە روونبونەوەی راستیەکان بەهەرباریکدا بیت، پیچەوانەی "بەرژەوەندی گشتیە"و دیزەبەدەرخۆنەکردنی ئەم مەلەفەش لە بەرژەوەندی گشتیدایە؟ ئەمە پینەکردنی کراسی دراوە بەلام بە تەقەلی گەورە.

یەکگرتووی ئیسلامی خۆی لە بنەرەتەوە رۆلەی بزووتنەوەو نەریتو بیروباوەریکی بە خەسلەت تیرۆریستیە. یەکگرتوو وەکو رەوتیکی ئیسلامی سیاسی، بەشیکە لەو بزووتنەوە تیرۆریستە ئیسلامیە، کە لە سەراسەری دنیادا گەورەترین پیشبرکیّ لەسەر تیرۆریزم دەکاتو هەموو رۆژیك بە تاوانە دژی ئینسانیەکانی نیشانیدەدات، کە چەندە بە خوینی ئینسان تینوەو چەندە قینلەدلە بەرامبەر رەگەزی بەشەر. ئیسلامی سیاسی بە هەموو بالو رەوتەکانیەوە، هەر لە رۆژی ئەوەلەوە بزوووتنەوەیەکی تیرۆریستو ئینسان کوژبووە، کوشتارو ملپەراندنو خوینرشتن شیوازی سەرەکی ئەم بزووتنەوەیەیە بۆ گەیشتن بە مەرامو ئامانجە کۆنەپەرستانەو دژی ئینسانیەکانی. هەلبەت نەك تەنها ئەم نەریتەی بەرامبەر رەقیبو دوژمنانی خۆی بەریوەبردووە، بەلکو لە کیشمەکیشی نیوخۆشیدا هەر ئەم نەریتەی پیادەکردوە، زۆریك لە خەلیفەو رابەرانو کەسایەتیەکانی ئیسلام لەلایەن خودی ئیسلامو هاوەلەکانی خۆیانەوە تیرۆرکراون.

بەلام جیاواز لەم خەسلەتە، کارکردی یەکگرتووی ئیسلامی لە ماوەی 15 سالی رابردوودا لە کوردستان، هیچ گومانیکی لەسەر تیرۆریست بوونی نەهیشتووەتەوە. بەپیچەوانەی فروفیشالی پاریزەری یەکگرتووەوە کە دەلیّ "هیچ کەسیك لە کوردستاندا ناتوانیت هیچ بەلگەیەك بهینیتەوە کە یەکگرتوو کاری تیرۆریستیو هانی تیرۆر دەدات" لە راستیدا ئەگەر مەلەفو کارکردی یەکگرتوو بخریتە بەردەم قانونیکی مەدەنی لە کوردستاندا، ئەگەر بەندوبەستو ساتو سەودا راستیەکان پەردەپۆش نەکاتو ریگا لە روونبونەوەی واقعیەتەکان نەگیریت، هیچ کەسیك نیە لە کوردستاندا نەتوانی بەلگە بۆ تیرۆریست بوونی یەکگرتوو بهینیتەوە. بەهیزترین بەلگەی تازەش کێشانەوەی شکاتەکەیەتی لە دژی سەرۆ قادر. یەکگرتوو ئەگەر ئەوەندە باوەری بە دووری خۆی لە تیرۆریزمەوە هەیە، چۆنە لە کاتیکدا ئەو کەسەی لە میدیاوە راشکاوانە تۆمەتی تیرۆریستی داوەتی پالی، لە قسەکانی خۆی پەشیمان نیەو ئامادەیە بەلگەی بۆ بهینیتەوە، کەچی تۆمەتبار لە شکاتەکەی خۆی پاشەکشە دەکاتو ئەمەش بە "بەرژەوەندی گشتی" پاساو دەدات؟!

هەمیشە راگەیاندنی یەکگرتوو کەنالیکی سەرەکی بانگیشەی تیرۆر بووە لە کوردستاندا. دەکریّ لەم بارەیەوە تەنها چەند نمونەیەك باس بکەین. سالی 1996 کاتیك کە من ووتاریکی رەخنەگرانەم لەسەر تیروانینی ئیسلام بۆ ژن نوسی، ماوەی دوو هەفتە، لە پیشدا یەکگرتوو کەمپینیکی هەراوهوریای تیرۆریستی بەریخست، بە دوای ئەوەدا مەلایانی مفتەخۆی سەر بە یەکگرتوو لە مزگەوتەکانەوە کەوتنە هاتوهاواری جیهادو هاندان بۆ کوشتاری کۆمۆنیستەکان، بەردەوامیش ئەم هاتو هاوارە لە دەزگاکانی راگەیاندنی یەکگرتووەوە، کە زۆر راشکاوانە هاندان بوو بۆ جیهادو تەکبیرو کوشتنو خوینرشتن، بلاودەکرایەوە.

سالی 1998 خودی فتوای مەلا بەشیری مجرمو تیرۆریست بۆ کوشتنی هاورێیان شاپور عبدالقادرو قابیل عادل، دیسان هەر لە دەزگاکانی راگەیاندنی یەکگرتوو، لەوانە تەلەفزیونی یەکگرتووەوە بلاوکرایەوە. ئەو رۆژگارانە دیسان راگەیاندنی یەکگرتوو بە تەواوی لە خزمەتی تیرۆریزمی ئیسلامیدا قەراری گرت. لە واقعدا یەکگرتووی ئیسلامی وەکو لایەن، جگە لە دەوری بەکردەوەی، وەکو راگەیاندن راستەوخۆ لە پشتی تیرۆرکردنی هاورێیان قابیلو شاپورەوە راوەستا.

ئەگەر بەندوبەستو ساتو سەودا بوار لە خەلك نەبەستیتەوە، هەزاران بەلگە شایەتی لەسەر تیرۆریستبونی یەکگرتوو دەدات. واتە مەسەلەکە هەر ئەوەندە نیە کە راگەیاندنی یەکگرتوو هانی تیرۆر دەدات، بەلکو خودی یەکگرتوو لە پشتی بەشیکی بەرچاو لەو کارە تیرۆریستیانەوە راوەستاوە کە ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا ئەنجامیداوە. بۆیە ئەگەر دەسەلاتو دادگا لە کوردستاندا، تۆزقالیك پابەند بە قانونی مەدەنی بیت، ئەگەر تۆزقالیك ئەمنیەتو ئاسایشی خەلك بۆ دەسەلاتو دادگا بنەمابیت، ئەگەر دەسەلاتو دادگا نەیەویت کاروکردەوەی تیرۆریستی ئەم لایەنە تیرۆریستە دیزەبەدەرخۆنەو پەردەپۆش بکریت، ئەگەر دەسەلات نەیەویّ مەترسی تیرۆریزم بەردەوام لەسەر خەلكو کۆمەلگای کوردستان قورستربیتەوە، دەبی هەرچی زووترە یەکگرتووی ئیسلامیو هاوشیوەکانی پەلکیشی بەردەمی دادگا بکات. حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئامادەیە لە دادگایەکی عادلانەدا بەلگەی تەواو لەسەر تیرۆریستبوونی یەکگرتوو بخاتەروو. هەروەها بە تایبەتیش لەسەر مەسەلەی تیرۆری هاورێیانمان شاپورو قابیل دەعوا پیشکەش بکات.

پیویستە لە کۆتاییدا ئەوەش بلیین کە دەورو دەخالەتی سەندیکای رۆژنامەنوسان لە سیناریۆی پینەکردنو شاردنەوەی مەلەفی تیرۆریستی یەکگرتوی ئیسلامیدا، نەك هەر کاریکی هەتا بلیّی نا مەسئولانەیە، بەلکو راستەوخۆ دەچیتە خانەی خزمەتکردن بە تیرۆریزمی ئیسلامیەوە. ئەمە نەك هەر جیگای

شانازی نیە بۆ ئەو سەندیکایە، بەلکو وەکو پەلەیەکی رەش لە میژوودا تۆماردەبیت. سەندیکای رۆژنامەنوسان بەپێی ئیدعاکانی خۆیان، لە جیاتی ئەوەی لە پشتی پەردەهەلّمالّین لەسەر تیرۆریزمو خستنەرووی ئەو هەزاران بەلگەیەوە راوەستێ کە شایەتی لەسەر تیرۆریستبونی یەکگرتووی ئیسلامی دەدەن، بە دوور لە هەستکردن بە بەرپرسیاریتیو لە ژیر پەردەی پوچی "بەرژەوەندی گشتیدا" دەوری خزمەتکردن بە لاواندنی تیرۆریزم دەبینن. سەندیکای رۆژنامەنوسان خۆی کرد بە دەلالی ساتو سەودا لەگەل تیرۆریزمو مامەلەکردن بە گیانو ئەمنیەتو خوینی هاولاتیانەوە. یەکگرتوی ئیسلامی تیرۆریستیش، دروست بەو دەلیلەی تیرۆریستە، ئەم دەورەی سەندیکای لە ئاسمان قۆستەوەو بە پێی پەتیو سەری رووتەوە، بەرەوپیشوازی رایکرد. ئەمە مایەی ریسوایی بۆ یەکگرتوو و مایەی شەرمەزاریە بۆ سەندیکا. ئەگەر بە هەرهۆیەکەوە رۆژنامەنوسانیکی ئازادیخواز لە ریزی ئەم سەندیکایە هەبن، حەق وایە ئەمە قبول نەکەنو دەنگیان لە دژی هەلبرن.

بەلام پرسیار ئەوەیە، ئایا دەسەلاتو دادگا لە پەیوەند بەم کەیسەوە چ دەلیت؟ ئایا لایەنیك کە راشکاوانە لە دەمی بەرپرسیکی بالای حیزبی دەسەلاتدارەوە، تاوانبارکراوە بە هاندانی تیرۆریستیو لەم بارەیەوە بە ووتەی خۆی بەلگەی تەواوی لەبەردەستە، ئەویش لەم مەملەکەتی نوقومبووە لە تیرۆریزمەدا، دەسەلات هەروا لیدەگەریت کە ئەم مەسەلەیە لە ژیر گالتەجاری "بەرژەوەندی گشتی"دا بە فەرامۆشی بسپیردریت؟ ئایا لە هیچ جیگایەکی دنیادا، پەنجەی شایەتی بۆ جۆریك لە جۆرەکانی پەیوەندی لایەنیك بە تیرۆریزمەوە رابکیشریت، بە هیچ بەهانەیەك دەولەت لە بەرامبەریدا بی دەنگ دەمینێ تا رادەی ئەوەی کە لیکۆلینەوەیەکیشی لەسەر نەکات؟

ئەم مەسەلەیە دەسەلاتی ئەحزابی حاکمی کوردستانی، بە تایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەبەردەم تەجروبەیەکی تازەدا داناوە، سەبارەت بەوەی کە هەلویستو مامەلەیان لەگەل تیرۆریزم چۆنەو کردارو گوتاریان لەم بارەیەوە چەندە لەگەل یەك دینەوە. جەماوەری خەلك دەبی لەم بارەیەوە بە چاوی کراوەوە بروانن و هەلسەنگاندنی خۆیان بکەن، بەلام بە هیچ جۆریك نابیت خەلك بی دەربەستی بەرامبەر تیرۆریستان قبول بکەن.